کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-6-2007 19:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حوجرەکەی مەولەوی وحاجی وقانع بۆنی خوێنی لی دێت ... خالید دەربەندی

لەوەتەی مێژوهەیە، کوردیش هەیە. لەوەتەی کوردیش هەیە، ستەمی دژبەکورد هەیە. لەوەتەی ستەمی دژبە کوردیش پیادەکراوە، کوردیش بێ سڵەمینەوەو وچان بەرگری ئەو ستەمەی کردووە. بەرگری کوردلەزۆربەی قۆناغەکاندابەدوو ئاراستەدا گوزەریوە. یەکەم:ئاراستەی بەرەنگاربونەوە بەهێزو بەرخودان. دووەم:ئاراستەی بەرەنگار بونەوە بەزانست وبیری پێشڤەچوون. بەڵام هەمیشە هێندی گرنگی بە چەمکی مەعریفی و خۆپەروەرد کردن داوە، هێند لە گەلانیدەوروبەر کەمتر نەبوە، بەلام زەمینەی رەخساوی ئەو خۆپەروەردەکردنە بەبری زەمینەی رەخساوی گەلانی تر نەبووە. ئەمیش بەهۆی هەندی هۆکاری ناسروشتی وسروشتی وجوگرافیاوە، کەلێرەدا بەهۆی جیاوازی ناوەرۆکی بابەتەکەوە بوار نیە باسی بکەین. تەنها ئەوەنەبیت کەپێویستە بوتری، کورد هیچ کاتی َشەرانگێز نەبوە، بەلکو شەرانگێزان دەورەیان داوەو ماوەیان نەداوە کورد فرسەتی وەرگری خۆی تیا دروست بکات. ئەگینا تاکی کورد هێندە بێئاگانەبوە تائەو ئاستەی خۆی لە قۆناغەکانا گووم بکات. لەدێریند تاکی کورد توانویەتی هەمیشە خۆی تێکەلی چەمکە سەرهەڵداوە نوێیەکان و ئاینیەکان بکات. توانیویەتی خۆی لەگەلیانا بوگنجێنی، ئەم خۆگونجاندنەش بۆ خۆپاراستن و سودورگرتن ورەوتی ژیانی بووە لەشانبەشانی کۆمەلەو گەلانی ناوچەکە. کوردتوانیویەتی سود لەشارستانیەتی یونانیەکان و رومانیەکان وەرگری. بەهەمانشێوە چەمکەئاینیەکانیش. فیتین و زەردەشت و شێخ ئادی نمونەی ئەو توانایانەی کوردن لە سەرەتاکاندا. لەسەرهەڵدان و بڵاوبونەوە و فراوانبونی بنکەی ئاینی ئسلامیشدا کورد توانیویەتی زۆر ژیرانە خۆی لە گەڵدا بگونجێنی، وێرای ئەوەی لە سەرەتادا ئەویش وەك زۆربەی گەلانی دەوروبەر زیانی گیانی وئابوری و کەلتوری پێکەوتوە.

لەدوای هێرشی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان وبەئیسلام کردنی کورد و ئارام بونەوەی دۆخەکان، کورد سودێکی فەرهەنگی زۆری لە ئاینی ئیسلام بینیوە بەتایبەت لەواری خوێندنەوەو نوسیندا. کوردلەوسەردەمەداتوانیویەتی حوجرە بۆ فیربونی خوێندن و نوسین بەکاربێنی. ودوای بەخێندەواربون ببێتە رەگەزێکی بەسودبۆنەتەوەکەی، لەواری نوسینەوەی مێژو وکەلتورو هونەرو ئەدەبیاتدا.

ئەحمەدی خانی ومەلای جزیری ومەولەوی و ناڵی وئەختە رو حاجی قادری کۆیی محوی وقانع و دەیان ناوداری تری کورد دەرچوی ئە و حوجرانەن. هەر لە و حوجرانەوە کوردشارەزای کەلتورو مێژو وفەرهەنگی نە تەوەکانی تر بوو و فێربوو چۆن بەرگری لە خۆی بکات. بەلام کە قوتابخانە و زانستی نوی بلاو بوەوە و ئەلف و بێی کوردی لەسەردەستی ئەو مامۆستا مەزنانە پێشخراو مۆرکی رەسەنایەتی نەتەوەیی سەریهەڵدا ئیتر رۆلی حوجرە کە م بوەوە و مناڵی کورد بەرەو قوتابخانە نێردرا و مزگەوت و حوجرە بۆ خوداپەرستی بەتەنی بەجێهێلدرا.

لەراپەرین بەدواوە دوای ئەوەی حزبە کوردستانیەکان بارەگاکانیان لە لادێ و شارەکاندا کردەوە. هەرحزبە و بۆ: یان پیرۆزەیی راگرتنی ئاینی ئیسلام. یان بەکارهێنانیان وەك سەرچاوەیەکی زێدەکردنی ئەندامان بەو بیانوەی گوایە ئەمانە پشت بەئاین دەبەستن لە پێناوی رزگاری نەتەوەییدا و ئاین تاکەسەرچاوەی دارێژەری دەستورو یاسای ولات دەبێت، هەرچی گرنگی هەیە بە مەلا و مزگەوت د را، وێرای ئەوەی کۆلێژ و ئامادەیی ئاینی کرایەوە، هیچ مزگەوتێك نەما لەشارولادێکانی کوردستاندا حوجرەی تیانەکرێتەوە و بودجەی بێ ئەژماری بۆ تەرخان نەکری ومەلای بۆ بە کری نەگیری بۆوانەوتنەوەی ئاینی. بەلام شایەنی وتنە حکومەت و حزبەکان لە دوو شت دا بە هەڵە چووبون،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکەمیان:نەیاندەزانی ئەومەلایانەی ئێستا ئەومەلایانە نین کە مامۆستایەتی حوجرەی زەمانی مەولەوی و حاجی قادریان دەکرد. ماموستاکانی ئەوسا تەنها ئاینیان دناسی و پەیوەندیان بە هیچی ترەوە نەبو. بەلام ماموستایانی ئێستا رێژەیەکیان ماموستای ئاینی و حیزبی وخۆدەولەمەند کردنن. بەواتایەکی تر نەیاندەزانی ماموستای ئێستا زۆربەیان ئەوخەسڵتانەی تیانیە کەلە ماموستای ئەوسادا هەبوو. دوەمیان:پراکتیزە کردنی رەوشێك کەپێش سەدسال کۆتایی پێهاتووە. لەمرۆدا هەڵەیەکی بکوژە. ئینر ئەم حوجرانە بەمناڵی تەمەن جیاجیای هەر لە حەوتساڵیەوە تاقوتابی دە رهێنراوی پۆلەکانی سەرەتایی وناوەندی وئامادەیی وکۆلیجەوە ئاوەدان کرانەوە، بەمەبەستی مانەوەو بەردەوامیشیان جارجارە جلوبەرگ و برەپارەیەك بۆ خۆیان و شتی تری سەرنج راکێشیش بۆ ماڵەوەیان دەدرا پییان بەمەبەستی مانەوەیان. لەم ساتە وەختانەشدا لەغەفلەتی ماموستاو حکومەت دا، ئیسلامی سیاسی بوە وانەی سەرەکی ئەو حوجرانە ولە پشت پەردەکانەوە دەخوێنران، ئەمە درێژەی کیشا تائەو ئاستەی حوجرە بوو بە سەنگەری بەرەنگار بوونەوەی بیری نەتەوەیی ئەو نەتەوەیەی سەدان سالە تینویسیمای ئاڵای ئازادی نەتەوەکەیەتی. بێگومان ریشەکێش کردنی ئەوسەنگەرەو وەهە ڵتەکاندنی، بەشورەی کۆنکریتی و قەڵاتی خۆڵ چارەسەرناکری، چونکە ئەوەی خۆی بە شورە حەشار دەدات لەوانەیە کەمێك پارێزراوبێت، بەلام تەقێنەرەوەکان لە تەقاندنەوە راناوەستن، ئەگەر بەرپرس و دائرەکانیان بۆهەڵنەسوری بیانتەقێننەوە ئەوا بازارەکانی شێخەڵاو کۆتر سەلام وەهە مو بازارەکانی تر کراوەن بۆ تەقاندنەوە. گومانی نیە بازارو شوێنە گشتیەکان نە ئەوبرە مادە تهقاندنەوەی گەرەکە کەبۆ شوێنە حکومی و حزبیەکان بەکاردەهاتن. نەئەوترسولەرزەشی هەیە بۆ تەقێنەرەوەکان. جونکە کەس نیە بن باغەل و ناولنگیان بپشکنی. کوێی گەرەکیان بیت لە وی ئەنجامی دەدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.